سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێی ڕزگاری کورد وکوردستان لە هەر چوار لەشی کوتکوتکراوی

## بۆ بەڕێزان سەرۆکی پاڕڵمان وسەرۆکی کوردستان

گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە هۆی هەر ڕووداوێکی خۆش یان ناخۆش لە باشووری کوردستان کە کوتێکی ڕزگارکراوی ئەو بەهەشتە بەرینەی کوردستانی گەورەیە بەشداری ، بە پەرۆشی ، هاوبەشی ، بە هی خۆزانی، خۆیان بە شێوەی خۆپێشاندان ، دیلان گێڕان ، سەرەخۆشی وپرسە دەو چواردە ساڵە بە تایبەت دەو دوایێیانەدا بە گەرمی وپڕ بە دڵ نیشانداوە و جێی خۆشی بووە و جێی شانازی هەموو کوردێکە ،ئێستا کە کوردستان لە سایەی خوێنی سەدان هەزار گیژ ولاوی سەربەرزی کە ئەوی هەرە دواینی **کاک شوانەی سەید قادرە** ،کورد خاوەن پاڕڵمان وسەرۆکێکی یاسایی وناسراو وددان پێداهێنراو لە لایەن لانیکەم دۆستانی کوردە وەیە ، کاتی وەی هاتووە کە **پاڕڵمانی کوردستان** وەك ڕووگەیەکی سیاسی یاسایی کورد **وبەڕێز کاک مەسعوود بارزانی** وەك سەرۆکی هەڵبژێردراو وخاوەن پێناسە کە کورد لە لایەن نوێنەرانی خۆیان لە پاڕڵمانی کوردستان پێیانداو ئەگەر بۆ جارێکیش بووە ،ئەگەر بۆ تاقیکردنەوەش بووە ولانیکەم بۆ ڕێز وپێزانیشی بووە لەو خەڵکە کە بە بۆنەی ئەو پێکهاتە یاساییانە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان وداگیرکەران دەستنیشانیان کوردوون و بەو شێوە نائینسانیانە ئەشکەنجەیاندەکەن و خەریکن بە پێخۆر تۆڵەیان لێدەکەنەوە ولە پشت ماشێنیان دەخەن و بە شەقامەکانی شاریاندا دەگێڕن ، ئیعترازێك بکەن و خۆیان لەو خەڵکە بێ دەرەتان وبێ مافە بە خاوەن بکەنەوە وخۆیان لێنەبان مەکەن ، ئەوەش بزانن کە خەڵك زۆر لەوە ی کە هەن بە بێ هیچ چاوەڕوانێك ،بە ئەمەگتر دەبن و ڕیزی یەکێتی وهاوبرینی گەلی کورد لە هەموو ئەو بەهەشتە گەورەیەدا ڕێکتر وبەردەوامتر دەکا وداگیرکەرانیش لەو جینایەتانە دەست دەگێڕنەوە و خەڵکی کوردیش لە هەموو کوردستان ورەیان بەرزتر و لە سەروەرگرتنی مافی پێشێلکراوی خۆیان سوورتردەبن و ئەودەمە کە ئەو سنوورە دەستکردانە دەدڵی کورددا دەڕووخێن و پێناسەی خۆیان لە دەستدەدەن ویە کردەوە ماڵی کورد یەکدەگرنەوە با بە ڕواڵەتیش دابەشکرابن و ئەو پاڕڵمانەش نابتە تایبەتی باشوور و بەڕێز کاك مەسعوودیش هەر وەك سەرۆکی تایبەتی باشووری کوردستان نامێنێتەوە **(چون کورد لە ڕۆژهەڵاتی ولات لەبێ وەفاییەکانی ڕابردوی بەڕێزیان خۆشبوون ویە کردەوەش نیشانیان داوە هەست بە هەل ومەرجی ناسکی کوردستان دەکەن، کە پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی کوردە و لە نان وئاو پێویسترن )** جاجێیەتی کە ئێستا بەڕێزیان قەرەبووی کەمتەرخەمییەکانی بکاتەوە و بیسەلێنێ کە هەمووکورد لە هەموو

کوردستان بە یەك چاو دەڕوانێ ولە سەریان وەجوابدێ و بەشداری ژانی جەرگی دایکی جرگبڕاو وبابی ئەنگوچکە سوّرانی دەخمنراوە و شیاوی سەرۆکایەتی کوردستان وئەرکی قورسی ئەو پێسپێراوەیە .

بە ڕێزەوە خەمین ١٢-٧-٢٠٠٥